# ئارام جەمال: زۆرترین بڕی سووتەمەنی و وزەی کارەبا بۆ بەرپرسانی حیزبی و حکومییە ,چی لە خۆیان دەمێنێتەوە دەیدەنە هاووڵاتیان



**دیمانە: ستیڤان شەمزینانی**
Shamzini79@hotmail.com

فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کەلە هەژدە (18 ) رێکخراو پێکهاتووە,لەماوەی یەك ساڵی رابردوودا چەندین داتاو ئاماری بڵاو کردۆتەوە لەسەر گەندەڵی لەبواری سووتەمەنی و وزەی کارەبادا,ئێستا فیدراسیۆنەکە پلانێکی نوێی لە بەردەستە بۆ فراوانتر کردنی رووبەری کاری مەدەنی و شێوازەکانی گوشار لەسەر دەسەڵات ,بۆ ئەو مەبەستە ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ (ئارام جەمال سابیر) ئەندامی کارای فیدراسیۆن.

**ستیڤان** : لەماوەی رابردوودا فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چەند داتا و ئامارێکی لەسەر گەندەڵی لە بواری سووتەمەنیدا بڵاوکردەوە, ئایا هەڵمەتەکانتان بەردەوام دەبێت بۆ کۆکردنەوەی داتای زیاتر لە بوارەکانی تردا یان پرۆژەتان هەیە لەسەر فایلێکی تر کاری تێدابکەن؟

**ئارام جەمال:** لەپاڵ ئەو خشتەو داتاو ژمارە ترسناکانەی لەژمارە (45)ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا لەبارەی گەندەڵییەکانی بواری سووتەمەنییەوە بڵاومانکردەوە، لەدوو ژمارەی هەفتەنامەی (هاوڵاتی )شدا راپۆرتێکمان لەبارەی گەندەڵی بواری کارەبا لەپارێزگای سلێمانیدا بڵاوکردۆتەوەو گەندەڵییەك‌و ناعەدالەتییەکی زۆریش لەبواری دابەشکردنی کارەبادا هەیە.. هەردوو راپۆرتەکە یەك دەرەنجاممان بۆ دەردەخەن ئەویش ئەوەیە کە زۆرترین بڕی سووتەمەنی‌و وزەی کارەبا بۆ بەرپرسانی حیزبی‌و حکومییەو ئیتر وەك کوردە دەڵێت "لەزۆر زۆرو لەکەم کەم". واتە گەندەڵی پەیوەندیی نییە بەوەی کە ئەو بڕو وزەیەی هەیە چەندێکە، دەسەڵاتداران چی لەخۆیان دەمێنێتەوە دەیدەنە هاووڵاتیان‌و دواتریش دەڵێن سووتەمەنی یان کارەبا کەمە. رەنگە بپرسیت بۆ هەر سلێمانی، ئەی کوا هەولێرو دهۆك؟! ئێمە لەهەردوو راپۆرتەکەشماندا ئاماژەمان بەوەداوە کە هێشتا سنووری چالاکییەکانی فێدراسیۆن لەچوارچێوەی پارێزگای سلێمانیدایەو دەستمان بەوەندەدا راگەیشتووە، بەڵام دڵنیاشین لەوەی ئەگەر ئامارەکانی ئەو دوو پارێزگایەی ترمان دەستبکەوێت گەندەڵییەکە ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، چونکە گەندەڵی سیمایەکی جیانەکراوەی ئەو حوکمڕانێتییەی ئێستای هەرێمی کوردستانەو رەنگە زێدەڕەویی نەکەم ئەگەر بڵێم گەندەڵی داینەمۆی بەردەوامبوونی دەسەڵاتدارانە..

ئێمە لەو دوو راپۆرتەدا راستییەکمان کەشفکردووە ئەویش ئەوەیە کەهۆکاری سەرەکی نەبوونی خزمەتگوزارییەکان لەگەندەڵی‌و ئەو ناعەدالەتییەوە دێت کە لەدابەشکردندا هەیەو دنیایەك ئۆرگانی حیزبی‌و حکومی هەیە لەسەر ورگی کۆمەڵگە دەژین‌و ناهێڵن ئەوەی هەیە بدرێتە هاوڵاتیان.

**ستیڤان** :یەکێك لە کارەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دروستکردنی فشارە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی , ئێوە وەك

ڕێکخراوەکان چیتانکردووە بە ئاقاری دروستکردنی فشارێکی کاریگەر و مەدەنی تا حکومەت ناچاربکەن بێتە پای جێبەجێکردنی داخوازییە گشتییەکانی خەڵك؟

**ئارام جەمال:** هەوێنی ئەم فێدراسیۆنە لەخۆپیشاندانەکەی 2006/3/16ی هەڵەبجەوە دەستیپێکردو دواتر وەك چوارده ڕێکخراوی ناحکومی هەڵوێستی بەکردەوەمان بەرامبەر بەخۆپیشاندانەکانی مانگی ئابی 2006 نیشاندایەوە، ئەوەبوو سەرەتا کەمپینێکمان دروستکردو سەردانی گیراوەکانو بەرپرسانی حکومیمان کرد بەمەبەستی داکۆکیکردن لەخۆپیشاندەرە گیراوەکانو پاشان بڕیارماندا فێدراسیۆنێکی بەردەوام دروستبکەین بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵات بەئامانجی چاکسازییو ڕێگرتن لەدووبارەبوونەوەی ئەو پشێوییانەی روودەدەن، بۆ ئەمەش دەستمانکرد بەگەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی ئەو خۆپیشاندانانەو سەرەتا لەخزمەتگوزارییەکانەوە دەستمانپێکردو گەیشتینە ئەو راستییەی کە هیچکام لەسووتەمەنیو کارەبا ئەوەندەی ئێستا کەم نابن ئەگەر نیمچە عەدالەتییەك (نەك عەدالەتی تەواویش) لەدابەشکردنیاندا هەبێت. پاشان لە2006/11/25دا کۆنفرانسێکمان ڕێکخست بۆ وتوویژکردن لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی "بەرەو دارشتنی دەستوورێکی مۆدێرنو هاوچەرخ لەکوردستاندا" کە تیایدا 93 کەسایەتی رۆشنبیرو یاساناسو ئەندام پەرلەمانو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییان تێداکرد لەوێوەگەڵاڵەنامەیەکمان ئامادەکردو دواتر پێشکەشی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانمان کرد بەهیوای ئەوەی لەبەرچاوی بگرێت، ئەگەر نا، ئەوا ئێمەش هەڵوێستی خۆمان دەبێت لەبەرامبەر ئەو پرۆژە یاسایە، هەروەها هەڵوێستمان بەرامبەر بەهەر سیاسەتو بۆچوونێك وەرگرتووە کە ناهەقی بەرامبەر بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگە بکات..

**ستیڤان :** لەگەڵ ئەوەی فیدراسیۆن لەماوە یەك ساڵی تەمەنیدا هەندێك چالاکی ئەنجامداوە بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هێشتا ئەم کارانە بەپێی پێویست نین ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە جدیتر کاربکەن ئەگەر وایە پرۆژەتان چییە بۆ کاراترکردنی فیدراسیۆن بە ئەندازەیەك هەست بەرۆڵ و کاریگەرییەکەی بکەین ؟

**ئارام جەمال:** وەك لەسەرەتاوە گوتم، کارکردن لەوڵاتێکدا کەتەنهاو تەنها گەندەڵیو ناعەدالەتیو شاردنەوەی زانیارییەکانی تێدا سیستماتیك کرابێت کارێکی هەروا ئاسان نییە، لەکوردستاندا هیچ شتێك نییە لەجێگەی خۆیدا بێت تەنها گەندەڵیو خواروخێچی نەبێت. با لەمبارەیەوە نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، پارتی سیاسی یەکێکە لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەلام خۆت سەیرکە بزانە حیزب چ وەزیفەیەکی وێراکارانەی هەیە لەناو کایەی مەدەنیو سیاسیدا، چ شتێك ماوە حیزب کۆنترۆڵی نەکردبێتو نەیخستبێتە خزمەت خۆیەوە؟ تەنانەت حیزبی کوردیی گەیشتۆتە ئاستی کۆنترۆڵکردنی گەدەی مرۆڤەکانیش؟؟ کوا کولتووری ئۆپۆزیسیۆنو حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات؟! کوا جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە؟ کوا سەربەخۆیی دەزگای قەزایی؟ کوا رۆڵی داواکاری گشتی کەداکۆکی لەبەرژەوەندیی گشتی بکات؟ کوا سەربەخۆیی کایەی ئابووریيو کەرتی تایبەت لەکایەی حیزبیو سیاسی؟؟ و دەیان کوای تر کەئەمانە هەمووی نیشانەی دەوڵەتی مۆدێرنەنو دەبێت هەبن بۆ ئەوەی کارەکان بەشێوەیەکی مەدەنیانە بڕۆنەپێش..

بۆیە ئێستا لەگەڵ چەندین کەسایەتی رۆشنبیرو یاساناسدا سەرقاڵی پێکهێنانی رایەکی گشتین لەکوردستاندا لەژێر ناوی "هەتاکەی؟؟؟!!!"و سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی چاکسازییانەی فراوانینو دەمانەوێت لەم ڕێیەوە سەرەتا چەند پرۆژەیەك بخەینە بەردەست دەسەڵاتدارانو حکومەتو پەرلەمانو پێیانبڵێین ئەمە کەموکوڕییەکانە، فەرموون ئەگەر دەتانەوێت چاکبکرێت ئەوە ئێمەش ئامادەین لەگەڵتاندا هاوکاربین، خۆ ئەگەر ناشتانەوێت ئەوا ئێمە لەرێگەی میدیای ئازادەوە هاووڵاتیانی لێئاگاداردەکەینەوەو هەوڵدەدەین فشار بخەینە سەریان بەئامانجی دروستکردنی رایەکی گشتی رەخنەگر، چونکە لەکوردستاندا قسە زۆر کراوەو زۆر شت گوتراوە، بەڵام ئەوەی کە بەپێی پێویست نەکراوە ئەوەیە کە قسەو رەخنەکان نەخراونەتە واری کردارییەوەو نەبوونەتە پرۆژەی کردەیی، ئێستا لەکوردستاندا کەسێك نابینیتەوە

قسه بكاتو گلەیی نەكات، بەڵام رۆژبەرۆژ شتەكان بەگشتی بەرەو خراپتر دەڕۆنو مرۆڤەكان تادێت زیاترو زیاتر ساردەبنەوە بەجۆرێك كەپێموایە هیچكات مرۆڤی ئەم كۆمەڵگەیە هێندەی ئێستا خەمساردو بێباوەڕ نەبووە بەرامبەر مێژووی خۆی ونەتەوەكەی، كەدیارە ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە كۆمەڵگەی كوردیی لەئێستایدا لەسەر هەموو ئاستی رۆحیو ئەخلاقیو ویژدانیدا لەقەیرانێكی قووڵدایەو تەنانەت بەدگومانیش كراوە بەرامبەر بەدیموكراسی، بۆیە بەبێ بوونی رای گشتی ئازاد نەك هەر دیموكراسی ناچێتەپێش بەڵكو گەندەڵیو ناعەدالەتی كۆمەڵایەتیو سیاسیش بەجەماوەریی دەبنەوە بەجۆرێك دەتوانن شەرعییەت بدەنەخۆیانو لێرەشەوە تادێت هەموو بەها جوانو مرۆییەكانمان پاشەكشە دەكەن.

لەكۆتاییدا دەڵێم نەگبەتی دیموكراسی لەم سەردەمەماندا لەوێوە دەستپێدەكات هەموو دەستوورو حوكمڕانو دەسەڵاتدارو ستەمكارەكانیش باس لەدیموكراسی دەكەن لەكاتێكدا دیموكراسی سیستمێكی ئاسان نییەو مرۆڤی دیموكراسیخوازی دەوێت كە لانیكەم باوەڕی بەپرەنسیپە گشتییەكانی هەبێتو كاری بۆ بكات.